

# قوربانیەکی دیکەی بە شوودانی خوار هەژدە ساڵ

## پێنج ساڵە کوڕەکەیان لێ سەندووەتەوە و نەمدیوە

قوربانییەکانی هاوسەرگیری لە ژێر تەمەنی یاسایی (ژێر ١٨ ساڵ) ژمارەیان کەم نییە، زۆربەی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانەش تەنانەت ئەگەر بە زۆرەملێش نەبن، یان بە خۆشەویستیش بە یەك گەیشتبن، نەهامەتی و تراژیدی زۆری لێکەوتووەتە. یەکێك لەو قوربانییانە دایکێکە کە بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە خەمی دڵی خۆی بۆ گوڵان دەکاتەوە و باسی ئەوە دەکات کە دوای جیابوونەوەیان هاوسەرەکەی منداڵەکەی رفاندووە و ماوەی چوار ساڵە لە بینینی تاقانەکەی بێبەشی کردووە.



کراسێکی شینی تۆخ و تەنوورەیەکی درێژی ڕەشی لەبەردایە و سەرپۆشەکەی لە گەردەنی ئاڵاندووە. پەیتا پەیتا پەنجەکانی دەستی لە یەکتر هەڵدەپێکی و سەری دادەخات و هەنیسکە قەتیس ماوەکانی گلێنەی چاوی لە فرمێسك پڕدەکات و بەسەر گۆنایدا شۆڕ دەبێتەوە.

ئەوە دیمەنی ئافرەتێکی تەمەن ٢١ ساڵە کە وەك خۆی باسیدەکات لە تەمەنی ١٥ ساڵی بە شوو دراوە، بەڵام یەکساڵ دوای چوونە ناو قەفەسی زێڕین، کە ئەو بە (قەفەسی مەرگ) ناوی دەبات، سەرەڕای ئەوەی دەبێتە دایکی کوڕێکی چاوگەش، لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە.

وەك فەریدە باسیدەکات، دادگا منداڵەکەی تا تەمەنی حەوت ساڵان بە دایکی دەسپێرێت و باوکیشی مۆڵەتی پێدەدرێت کە هەفتانە چاوی بە کوڕەکەی بکەوێت، بەڵام منداڵەکەی لە تەمەنی ١١ مانگان کە تازە گاگۆڵەی دەکرد و هێشتا سەرپێ نەکەوتبوو، لە لایەن باوکیەوە دەرفێندرێت و بۆ ماوەی چوار ساڵە لە بینینی کوڕە تاقانەکەی بێبەش کراوە. ئەو دایکە لێقەوماوە بەمجۆرە بەسەرهاتە دڵتەزێنەکەی بۆ خوێنەرانی گوڵان دەخاتەڕوو.

«دوای ئەوەی باوکم کۆچی دوایی کرد و دایکم بە گەنجی بێوەژن کەوت. من و دوو برام و دایکم بە تەنیا ماینەوە، بەڵام خانووی خۆمان هەبوو، مووچەی خانەنشینی باوکیشم بەشی دەکردین و مامەکانیشم یارمەتییان دەدایـن. براکانم گەورە بوون و وازیان لە خوێندن هێنا و یەکیان بوو بە فیتەر و ماڵی خۆی جیا کردەوە و براکەی دیکەشم لە سەر سنوور سەرقاڵی مامەڵەکردن بوو. بەنزینی لە ئێرانەوە دەهێنا و دەیفرۆشت. من و دایکم بە تەنیا ماینەوە. من بە پێچەوانەی براکانم زۆر حەزم لە خوێندن بوو. تەمەنم ١٥ ساڵان بوو، لە پۆلی نۆی بنەڕەتی بووم. گەرچی من بە تەمەن منداڵ بووم، بەڵام زۆر بەهەیکەل بووم. زوو زوو خوازبێنیم دەهات. یەك دەڕۆیشت و یەك دەهات، بەڵام من کەوتبوومە ناو داوی خۆشەویستیی کوڕێکی جیرانمان. ئەویش باوکی نەمابوو، دایکیشی لای خێزانی ئێمە زۆر خۆشەویست بوو. خۆیشم کوڕەکەم زۆر خۆش دەویست. زۆر کوڕێکی جوان و ئارام و لەسەرخۆ دیار بوو. لەگەڵ دایکی هاتەخوازبێنیم و دایکیشم هەستی بەو خۆشەویستییەی ئێمە کردبوو، ئاگام لێبوو بە براکانمی وت: با حەیامان نەچێت و زوو بە مێردی بدەین. ئەوە بوو براکانمی ڕازی کرد و لە یەك هەفتەدا هەموو شتێك تەواو بوو. مارەبڕین و زەماوەند و گواستنەوە هەمووی پێکەوە بوو. ڕامیار تەمەنی ٢١ ساڵ بوو. شەش ساڵ لە من گەورەتر بوو. ئەو هەر لە منداڵییەوە سەرقاڵی کەسابەت بوو. مامەڵەی دۆلاری دەکرد و تەکسییەکیشی هەبوو. باری دارایی زۆر باش بوو، ٥٠ مسقاڵ زێڕی بۆ کردم، جلوبەرگ و هەموو شتێکی بۆ کڕیم، تەنانەت جلی بووکێنی کڕی و بە ئیاجی نەهێنا. دەیگوت ئەوە بۆ بیرەوەری با هەر بمێنێت. ئەوە و قاعەیەکی گەورەی بۆ حەفلەکەمان گرت و ئاهەنگێکی گەورەی ساز کرد. خۆم بە بەختەوەرترین کچی دنیا دەزانی. بەڵام نەمزانی لە بری قەفەسی زێڕین دەچمە ناو قەفسی مەرگ، چونکە هەموو خۆشەویستییەکەی تەنیا یەك هەفتە بوو. لە هەفتەی یەکەمی هاوسەریمان دەستی لێ بەرز کردمەوە. ئەگەر زبڵی ماڵەوەم ببردایەتە بەر دەرگا، ئەوا دنیا خراپ دەبوو. هەموو شەوێك درەنگ دەهاتەوە و بیانووی جۆراوجۆری پێدەگرتم و لێیدەدام. تا وای لێهات ڕۆژ نەبوو دایکی لە ژێر دەستی دەرمنەهێنێ. دووگیان بووم، وتم لەوانەیە ببێ بە باوك باشتر بێت، هەر تەحەمولم کرد. بەڵام ئەو هەر خراپتر دەبوو. شەوێکی زستان میوانمان هات، خزمی خۆیشی بوون، دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، لە بەر ئەوەی بە دەنگی بەرز لە ژووری ژنان پێکەنیبووم، بردمیە گەرماوەکە و ئاوی ساردی بەسەردا کردم و بە سۆندە نیوەگیانی کردم. هەموو لەشم ڕەش داگەڕابوو. دەرگەی لەسەر پشت داخستبوو. دایکیشی نەیتوانی فریام بکەوێت، هەر هاوارم بکردیایە، زیاتری لێدەدام، تا دایك و براکانی هاتن من بووڕابوومەوە. ئەو بێویژدانە بەزەیی بە دووگیان بوونیشمدا نەهاتەوە. ئەوەندەی لێدابووم بەحاڵ هەناسەم مابوو، بەپەلە منیان بردە نەخۆشخانە، ویستیان لە دایك و براکانمی بشارنەوە، گوتیان لە سەربان بەر بۆتەوە، بەڵام دکتۆرەکان گوتیان هەموو لەشی ئاسەواری لێدانی لەسەرە و هیچ وەحشێك ئەوها لەکەس ناکات. ئەوە بوو پۆلیسی نەخۆشخانە هاتە ناو کێشەکە و ئیفادەیان لە خەسووم وەرگرت، منیش هەموو ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە. ئیتر ڕامیار لەبەر چاوم بوو بە وەحش، بوو بە وەحشێکی دڕندە کە نەمدەتوانی تەنانەت بۆ یەکجاریش بیبینمەوە. کارمان کەوتە دادگا و دوای لەدایکبوونی کوڕەکەم، بە بڕیاری دادوەر منداڵەکەیان بە من دا و منیش وازم لە هەموو مافێکی خۆم هێنا. تەنانەت مارەییەکەشم پێ بەخشی. بەڵێنم بە خۆم دا شوو نەکەمەوە و هەموو ژیانم بۆ کوڕەکەم تەرخان بکەم. ڕامیار باری دەروونی تەواو نەبوو. هەروەها کەسێکی زۆر داوێن پیس بوو. زۆر نامەی خۆشەویستی تەنانەت هی ژنە عەرەبیش لە ناو مۆبایلەکەی بوو. تەکسییەکەشی تەنیا بۆ خۆشی خۆی کڕیبوو. دەنا ئەو مامەڵەی دۆلاری دەکرد و پارەی زۆریشی هەبوو، پێویستی بە تەکسی نەبوو. نەمزانی ئەو کوڕە ئارامەی ناو گەڕەك، چەند ڕوخساری جوانە، ئەوەندەش ناخی پیس و دڕندەیە. خۆی خیانەتی دەکرد و متمانەی بە کەسیش نەبوو. جگە لە تەڵاق ڕێگەچارەی دیکەم نەبوو. دوای جیابوونەوەمان جار و بار دایکی ڕامیار دەهات منداڵەکەی بۆ باوکی دەبرد، چەند سەعاتێك لای دەبوو، دەیانگەڕاندەوە. ڕامیار بەردەوام هەڕەشەی لێسەندنەوەی منداڵەکەی دەکرد، داوای دەکرد پێکبێینەوە، بەڵام هەموو پردەکانی ڕووخاندبوو. کوڕەکەم گەورەتر بوو، هەموو دڵخۆشیم تەنیا ئەو بوو. تەمەنی تەنیا ١١ مانگ بوو، تازە گاگۆڵەی دەکرد، ڕۆژێك ڕامیار بە بیانووی دیتنی لەگەڵ خۆی بردی، شەویش نەیهێناوە. بۆ سبەینێ تەلەفۆنی کرد و باسی ئەوەی کرد کە تەکسییەکەی فرۆشتووە و ئەوەی هەیبووە لەگەڵ خۆی بردوویەتی، کە گوتی لە ئێرانم، ئەژنۆم شکا. ئەوە چوار ساڵە کاری من گریانە. ئەو بێ زەمیرە تەنیا یەکجار بە تەلەفۆن هێشتی دەنگی کوڕەکەم، ئێستا ژمارە تەلەفۆنیشی نازانم. دنیا لە بەر چاوم تاریك بووە و تەنیا پەنا بۆ خوای گەورە دەبەم و دوعا دەکەم کۆڕەکەم بپارێزێت وبە دیداری شادم بکاتەوە».

**چوار ساڵە کاری من گریانە. ئەو بێ زەمیرە تەنیا یەکجار بە تەلەفۆن هێشتی دەنگی کوڕەکەم ببیسم**

**لە هەفتەی یەکەمی هاوسەریمان دەستی لێ بەرز کردمەوە نەمزانی لە بری قەفەسی زێڕین دەچمە ناو قەفسی مەرگ**

**شەوێکی زستان میوانمان هات، خزمی خۆیشی بوون، دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، لە بەر ئەوەی بە دەنگی بەرز لە ژووری ژنان پێکەنیبووم، بردمیە گەرماوەکە و ئاوی ساردی بەسەردا کردم و بە سۆندە نیوەگیانی کردم**

**لە نەخۆشخانە ویستیان بیشارنەوە و گوتیان لە سەربان بەربۆتەوە، بەڵام دکتۆرەکان گوتیان هەموو لەشی ئاسەواری لێدانی لەسەرە و هیچ وەحشێک ئەوها لەکەس ناکات**